# عبدالكريم قاسم و راستيه مێژووييه‌كان

مامۆستا؛ناسر عه‌زيز هه‌ورامی/ مێژووناس
n_hawrami@hotmail.com
هۆڵه‌ندا/لاهای؛2007/3/5

من كاتی خۆی كه‌له‌كۆلێژی مووسڵ ده‌رچووم سوێنیان داوم كه مێژوو چۆن بێت وا به به‌شه‌رییه‌تی بگه‌یێنم هه‌روه‌ک خۆی به بێ كه‌موو‌زیاد منیش ئه‌مه‌م زۆر لا درووسته چوونكه ناوچه‌ی هه‌ورامان و خێزانه‌كه‌شم هه‌ر به‌هه‌مان شێوه گۆشیان كردووم. كه به‌ڕاستی بنووسم ئه‌گه‌ر زه‌ره‌ری خۆشمی تیابێ منیش ئه‌م بابه‌ته‌م بۆیه به گرنگ زانی كه پێشكه‌ش به خوێنه‌رانی بكه‌م با به هه‌ڵه نه‌ئاخفن. بیری هه‌ڵه وورد نه‌كه‌نه‌وه وه‌ک راستیه‌كان تێبگه‌ن،من لێره‌دا به پێویستی سه‌رشانی خومی ئه‌زانم وه‌كو پیشه‌ی خۆم بۆیانی باس بكه‌م ئه‌م كه‌ڵه‌پیاوه كێیه‌و چی كردوه بۆ عێراق و بۆ كوردستانیش.من هه‌وڵ ئه‌ده‌م به دڵۆپێكی ده‌ریای ئه‌و پیاوه پێتان بناسێنم. چه‌ند ڕووداوێكی سه‌رده‌می ئه‌و پیاوه‌تان بۆ ئه‌خه‌مه به‌رچاو ئێوه‌ی ئازیزیش بڕیاری خۆتانی له‌سه‌ر بده‌ن. ئه‌م مێژووه‌شی كه ئێسته له‌به‌ر ده‌ستی ئێمه‌دایه ئه‌وانه نوسێویانه كه قاسمیان شهید كرد،هه‌رچه‌ند هه‌وڵیان داوه كه بیشێوێنن به‌ڵام به‌ڕای من ئه‌وه‌نده ڕوونه به‌وو به‌عسیه فاشیانه ناشێوێ. جا فه‌رموون ئێوه‌و ئه‌م راستیه مێژووییانه.

ئه‌م پیاوه ئه‌فسه‌رێكی سوپای عراق بووه به پله‌ی زه‌عیم ئێسته به‌زه‌عیمی ئه‌وسا ده‌وترێت عه‌مید یانی تاجێكوو سێ نه‌جمه‌ی له‌سه‌ر شان بوه. مێژوو كه باسی ئه‌كات ئه‌ڵێت له‌ناو هاوه‌ڵه‌كانیا زۆر جیاوازو سه‌ركه‌وتوو بوه به پاكو ته‌میزیوو ڕێكوو پێكیو به‌ڕێوه بردنی ئیشه‌كه‌ی.

له1958/7/14هه‌ڵسابه‌شۆڕش دژی ڕژێمی پاشاییه‌تی ئه‌و سه‌رده‌مه كه ئینگلیز دایناببوو به‌كوژرانی مه‌لیک فه‌یسه‌ڵ ڕژێمی پاشایه‌تی كۆتاییێ هاتوو قاسم عێراقی له پاشاییه‌تییه‌وه گۆڕی بۆ ڕژێمی كۆماری.خۆیشی بوو به سه‌ر كۆمار.

چیی كرد بۆ عێراق.

1-ڕژێمی پاشایه‌تی كۆڕی بۆ كۆماری.

2-ئێراقی له‌حلفی سه‌نتۆ ده‌رهێنا.

3-ئیجازه‌ی دا به‌حیزبه نیشتمانیه‌كان به‌سه‌ربه‌ستی كاری خۆیان بكه‌ن.ئه‌مه له‌ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستا شتێكی زۆر دانسقه‌بوو.

4-به‌رزانی ره‌حمه‌تی له مۆسكۆووه بانگێژكرده‌وه بۆ ئێراق تا درێژه به‌خه‌باتی خۆی بدات. كه له‌مینای به‌سره‌دابه‌زی پێشوازێكی بێوێنه‌كرا هه‌ندێكه‌س ده‌بێژن ئه‌وئۆتۆمبێله‌ی ئه‌وی تیابوه به‌ده‌ست هه‌ڵیان گرتوه.

5-مه‌دینه توبی ئێستای به‌غداد ئه‌و دروستی كرد

6-خوێندنی كرد به‌خۆڕایی.

7-یاسای چاككردنی كشتوكاڵی دانا. زه‌وی له ده‌ره‌به‌گه‌كان سه‌نده‌وه دابه‌شیكرد به‌سه‌ر جووتیاره‌كاندا.

8-یاسای خۆماڵی كردنی نه‌وتی دانا دوایی به‌عسیه‌كان جێبه‌جێیان كرد.

9-له‌ماوی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی ئه‌ودا 33هه‌زار خانووی درووستكرد بۆ عێراقیه‌كان به كوردو عه‌ره‌به‌وه.

10-هه‌ڵسا به‌كردنه وه‌ی كارگه‌یێكی زۆری پیشه‌سازی. به‌مه خه‌ڵكێكی زۆری به‌تاڵه كه‌تنه‌ئیشو باری ئابووره‌ییان باش بوو.

11-داوای كوێتی كرد بخرێته‌وه سه‌ر ئێراق كه ئنگلیز لێی پچڕانبوو. به‌ڵام بۆ ئه‌و سه‌رده‌مه كارێكی مه‌ترسیداربوو بۆئێراق ئیستیعماری جهانی ڕێگه‌ی نه‌ئه‌دا.(ئه‌گینا وه‌كو ڕاستیێكی مێژوویی كوێت هی ئێراقه)

12-پچڕاندیی په‌یوه‌نی له‌گه‌ڵ ئیستعماری سه‌رمایه‌داری جهانی. په‌یوه‌ندی به‌ستن له‌گه‌ڵ بلۆكی سۆشیالیستی كه‌بریتی بوو له‌یه‌كیه‌تی سۆڤیه‌تی ئه‌وسا.

13دروست کردنی بەنداوی دووکان.
14-دروست کردنی قەسری جمهوری.کۆشکی کۆمار
15-دروست کردنی تاقە زەڕڕی بۆ کاری ئاشتی[دوایی سەدام پەری پێدا بۆ کاری شەڕەنگێزی]

زۆرشتیتریش کە لێرەدا مەودای ئەوەمان نیەباسیان بکەین.
ئەی بۆخۆی چیکردو چی هەبوو.
پێشتر وتمان زەعیم(عەمید)بوو،هەر بەعەمیدی مایەوە هەتا شەهیدیان کرد.بەگوێرەی یاسای عەسکەری
جەند مانگێکی مابوو ببێت بەلیوا ئەڵێن بەدلەکەشی دروست کردبوو هەتا بە مستەحەقی خۆی لەبەری بکات
،بەلآم مخابن فریای نەکەتوو بەءسیە فاشییەکەن لە14ڕەمەزانی ساڵی1963شەهیدیان کرد.
کەکووژرابەدەستی ئەوفشییانە دینارێکو دووسەد فلس لەگیرفانیدا بوو بوو. لە هیچ بانکێکی دنیادا هیچ حسابێکی نەبووە. سەروەتی هەر ئەو دینارو دووسەد فلسە بووە. ؟
ئایا هیچ قەسروو قسوورێکی هەبوو خۆیو بنەماڵەکەی؟
خۆی کرێچی بووە یانی لەخانووی کرێدا بووە مانگی بە{15}دینار،هەتا ئەورۆژەس کە شەهیدکرا هەر کرێچی بووە،لەوانەیە خوێنەری ئازیز باوڕنەکات{بەلآم ئەوە ڕاستییەکی مێژووییە}و ڕاستە.
براییکی هەیەو ئێستاش ماوەو لەژیاندایە چووبوە لایو داوای خانوێکی لیکردبوو وەکو هەمو ئێراقییەک
بەلآم وەلآمی عەبدولکەریم چیبووە .بەڵێبووە ،بەلآم چۆن؟ وتبووی بە براکەی بوەستە تا دوای دەوام ئەتدەمی، کە دەوام تەواو بوو بوو وتبووی وەرە سوار بە با بەتدەمێ ئەویش لەگەڵی سوار بوو بوو
بردبووی بۆ قەراخی شاری بەغا بە حماییەکانی وتبوو لەسندووقی ئەو سەیارەییەدا ئەو پاچوو خاکەنازەم بۆ دەربهێنن. ئەوانیش دەریان هێنابوو براکەی واقی وڕمابوو بەم جەریانە وتبووی بە بە بـراکەی یاڵڵا وەرە با وەکوو ئە علەمە کە خەریکە خێمە هەڵئەدەن ئێمەش جێگە خێمەیێک بۆتۆ چاک بکەین، براکەی وتبهووی ئەمەیە خانوەکەی ئەمدەیتێ وتبووی ئەی چی تۆش وەکوو ئەو عالەمە چیت لەوان زیاترە؟؟؟؟؟ ئیتر گەرابوونەوە بەدەستی بەتاڵ وتبووی من خۆم کرێجیم تۆ چیت ئەوێت من ناتوانم حەقی خەڵک بدەم بەتۆ..

ئەی لەقەسری جمهوری چی ئەخوارد.
ڕۆژنامە نووسێکی لوبنانی چووبوەلای بۆ کاری ڕۆژنامەوانی کارەکەی نزیکەی نیوەڕۆ تەواو بوو بوو عبداکریم پێی وتبوو مەڕۆ نیوەڕۆ لەلای من نان بخۆ ئەوێش وتبووی باشە وتی با بزانم ڕەئیس جەمهوریە
جی ئەخوا؟؟؟؟ وتی وەستاین هەتا نزیکەی سەعات دوانزەونیوی نیوەڕۆ هیچ دیار نەبوو پاش تۆزێکیتر سەیرم کرد مناڵێکی بجووک خۆی کرد بە ژوورەکەداو سەفەرتاسێکی پێبوو عەبدولکەریمیش لێی وەرگرتوو
سەفەر تاسەکەی کردەوە برنجوو مەحشی تیابوو{لای خۆمان پێی ئەڵێین شێخ مەحشی] ئەڵی وتی فەرمو بخۆ....منیش وتم ئەووە جییە وتی مەحشییەو لە ماڵی خوشکمەوە بۆم هاتوەو ئەو مناڵەش خوشکەزامە....
جا خوێنەری ئازیز منیش لێرەدا بەجێت ئەهێڵمو تۆش بیری خۆتی لێ بکەرەوەو حوکمی ئەم پیاوە بدە بزانە مێژوو هێچی لێوون نابێت ئیمڕۆ نا سبەی هەر حەق سەرکەوتوو ئەبێتوو دزوو جەردەش هەر ڕسوا ئەبن.